**شانۆگەری**

=======

# ئازارەکانی کاکە مەم

**خالید خاکی**

## دەورگێڕان :

1- مەم

2- چەکۆ

3- تاژدین

4- زین

5- زەینەدین

6- بەکرە

7- بۆرەخان

8- پیاوە کان (دوویان زیاتر،پیاوانی زەینەدین)

کۆرسی یەک
کۆرسی دوو

# دەسپێک

**شوێن :** کۆڵانی بەردەرکی حەساری ماڵ تاژدین.لەلای ڕاستی شانۆوە درگاودیواری ماڵ. نەختێ لە حەوشی ماڵ تاژدین دەبینرێ ، چەند کوانویەک وقازان ومەنجەڵ لە حەوشەن . ژن وپیاوی رازاوە تاک تاک ودوو دوو لە حەوشە دێن ودەچن.رۆژی حەوتەمی زەماوەندی تاژدین و ئەستێیە وگشت تەمایەری گەیشتنی بووکن . مەم ، لە بەر دەرکی حەسار ، چاوەنواڕی هەواڵ دێودەچێ ، لەسەر زەریای فیکروخەیاڵ باسک دەهاوێ ، چاوەکانی لە بێ خەوییا سوور، دڵ دۆڕاوی ئەوینی یایە زین و گیرۆدەی دەستی خەم لەبینەران دێتە پێش .
**مەم :** (ڕوولەبینەران) ئازیزان! بەڕێزان! بەخێربێن . بە هاتنتان کۆڕی شایی ئێمەتان خەملاند . گەلێ سپاستان دەکەم . سەبارەت بە کەم وکوڕییەکان داوای لێبوردنتان لێدەکەم . هیوادارم شایی حەو رۆژە نەبووبێتە هۆی ماندوویەتیتان ، هیوادارم گشت بەپێچەوانەی من ، بگەن بە موڕادی دڵتان .ئەز مەمم . هەڤاڵی تاژدین. دەبێ کەیف خۆش بم ،نا؟ بەڵام بڕواتان

ببێ ...من لێره نیم...یانی..چ بڵێم و چۆنی بڵێم !؟ ..خۆ ئاگرێ بەربووەته جەستەم که نه تەنیا مەم... بەڵکوو ئێوەش لەگەڵ خۆ،دەکەمەخۆڵەمێش... تکایه گوێم لێ‌راگرن‌وخۆ دوورمەگرن...چما ئەو خۆڵەمێشه هەر ئەوخۆڵەمێشه پیروزەی قەقنەسی چاخ بێ که مەلی ژیانێکی پڕلەسەرفرازیی‌نوێ سەری لێ هەڵبدات و.... ئەز،یانی مەم ، مینا هەموویەکێک له ئێوە، به هەموو بوون و نەبوونێک راهاتووم و وەک هەموو یەکێک له ئێوە ورتەم له زار نەبیستراوە . هەرگیز هیچ کۆسپێ ، تەنانەت برسیەتی و توونیەتیش نەیانتوانیوە ببنه بەرهەڵست و رێگری خوو وخدەم . بەڵێ ...پێش له ئاگره سوورەی نەورۆز ، قاقاوپێکەنینم بەیتی دەم بەیت بێژان بوو . نا...نا...بەهەڵەدامەچن ...هێشتا نەڕماوم . ئێستایش ئاگری سووردەکەمه بەر ، قەندیل دەکەمه تۆزی پێ ، دەتووانم بۆگەییشتن به لوتکەی شاخەکانی ناوچەی ژینی خۆ ئەوەن تێکۆشم و عارەقه بڕێژم که هەموو زەریاکان ئاوبیانبات...بەڵام مخابن ...نەمن تەنیام ونەتەنیا ویست وخوازتی من مەرجه...چارەسەر کردنی ئەم ئازاره له وزەی منا نییه...ئێوەیش هەرگیز تاقه کەسێ شک نابەن که بتووانێ لەحەنای ئەم ئازاره خۆ راگرێ...ئەم ئازارەی کەبۆمن لەبەرگی دووری له ئازیز، خۆدەنوێنێ...دووری...دەردی دووریی هانی داوم پەنا بەگشت کەس و گشت شتێ بەرم.. تەنانەت به بەکرەی مەرگەوەڕ...بەداخەوە ناتووانم بەکرەتان پێ بناسێنم...چون وەک سێحربازێک خۆبەگشت شیوە و

ڕەنگێ دەگۆڕێ...خۆتان بیناسن چاکترە...گرینگتر لە گشت..ئەز بیست و دووساڵە برادەری تاژدینم.شەوو ڕۆژم بەیادی ئەو ژیاوم...بیست و دووساڵ هەرچییەک بۆنی تاژدینی نەدابێ پلاری توانجمی بەرکەوتووە. بیست ودووساڵ دژی دوژمنی بووم و گیان لە ڕێی دۆستی .دۆستایەتی تاژدینم بە هەموودنیا نەدەگۆڕایەوە. کەچی ئێستا..ئاخۆ گشت درۆبوو؟! (لەگەڵ خۆ)یانی بیست و دووساڵ لەگەڵ خۆ درۆم کردووە؟ بیست و دووساڵی ڕەبەق خۆم فریو داوە؟!یاخۆ...ئەی کوانێ ئەو گشتەخۆشەویستیەی تاژدین کەنەمری پایەبەرز ئەحمەدی خانی بەلەبزی شیرینی خۆباسی کردووە؟ کوانێ ؟وبۆلەدەستی نایەت تاوێ سوکنای دەروونم بدات؟ بۆناتووانێ تاوێ خەمی دووریی یایە زینم لە بیرببات؟ (ڕوولەبینەران) هەگە تاژدین پێ بزانێ کە نیگایەکی زین مەمی وەها گۆڕیوە ، دیسانیش خۆ بە دانیشتووی دەسەڵاتداری وڵاتی دڵم دەزانێ!؟.باش دەزانم بەدەرلە کردەوە هەموو چتێ درۆیە . درۆیەکی ناحەزوناشیرین . تەنیا کردەوەیە کە درۆناکات...بەڵام مەمی هەشبەسەر،کوڕی نەدارێکی هەژارودەربەدەر، ئێوە بڵێن چبکەم؟...ئازارمێشکمی سڕکردووە.گۆڤەندی لێ کردووم بەشیوەن...کردومیە بەتۆبەکاری خانەقای خەم.دە سا ئێوەبڵێن چبکەم!؟ ئاگرەوبەربووەتەجەستەم.

**(کۆرسی هەوەڵ لە ناوبینەرانەوە وڵام دەدەنەوە)**

**کۆرسی یەک :** نەنەی خانەی تەن ئایر هۆرێزان

بزیسکەیچەخماخکامشەشخانخێزان؟

کامدوودەن رووی دڵ بازهەم پۆشاوە؟
کام هوونەن دەروون دیسان نۆشاوە ؟
مەسرەف خەزانەی دەرد پەنهانی ،
خەم هۆشت بەردەن مەر نمەزانی !؟
شەرارەی تفەنگ بەخت چارەی تۆن !
دوودی هوون زام جگەرپارەی تۆن !
جەستەت سۆ چنا دڵ هانە تەم دا ،
نەدەروون جامجام هوون دان وەهەم دا،
کورەی دڵ گەرمەی جۆش سەختشەن .
پەی فێنکیی دڵ، شیوەن وەختشەن !
(کۆرس بەرەو شانۆ دەچن )

**مەم :** (لەگەڵ خۆ) پەی فێنکیی دڵ،شیوەن وەختشەن! (کۆرس گەییشتووەتە بەردەم شانۆ ، مەم روویان تێدەکات)شیوەن؟..هەرخۆتان پاش ملە چم پێدەڵێن؟! ئاخررۆژی پێک گەیشتنی تاژدین و ئەستێ وگریانی مەم؟!نا...نا...(کۆرش راوەستاوە) لەبۆخاتری یایە زینیش بووە نابێ بە گوێرەتان بکەم...بمبورن!(کۆرس لە جێدا دادەنیشن )ئاخر هەگە ئەوەن دەسەڵاتم بەسەر خۆدا نەبێ؟کەی شیاویهاوبەش بوونی ژینی یایە زینم؟ نا...نا...کەچی ...بەڵام ئەی...(بێدەنگ دەبێ،کۆرسی دووەم لەناو بینەرانەوە دێتە گۆ)

**کۆرسیدووهەم :** سەد دووریچوندڵئەمەمیدڵتەنگ
مارۆ ئەوفریاد دڵەی سەخت سەنگ
سزان ئەر گیرۆ تەم دڵەی کاوان
هەور نەو وەجان رێز و هووناوان

بەڵام ، تاقەتێ ! های هەور ئامان
هانە شادیدا ، ئازیزتر لە گیان
مەیلەش چون حورمەت جەحەدبەرشیەن
خاترداریش کەر ، وێنەی کەس نیەن !

**مەم :** راستە دەڵێن : قسەی جوان و بەجێ لە دڵ هەڵدەقوڵێ و لە قوڵایی دڵیشا جێ دەگرێ (کۆرسی دوو بەرەو شانۆ دەچن ، کۆرسی یەکیش خۆیان دەکەن بە ناواخنیان وگشتیان بەرەوشانۆدەچن)

**(**چەکۆ لەلای چەپی شانۆەو بەپەلە دێتە ژوورەوە و چاوی بە مەم دەکەوێ**)**

**چەکۆ:** کاکەمەم !

**مەم :** (رادەچەنێ) گیانەکەم!(بەپیرییەوە دەچێ)

**چەکۆ:** کواکاکم!؟

**مەم :** کا..کاکت...بۆچتە؟ چ بووە؟!

**چەکۆ:**(بەپێکەنینەوە)کاکەمەم!پاش حەوتەیەک هەڵپەڕین دەبێ چ بێ؟!!! واخاتوونە ئەستێ هاکاو گەییشت .

**مەم :** بەخێربێ...سەر چاوەکانی مەم...کاکت! تاژدین لە ژوورە.

**چەکۆ:** کاکەمەم بێخەوی،دەستی خۆی وەشاندووە، رەنگت لەسەرخۆنییە.

**مەم :** نا...نا..هیچ نییە،زووبەمزگێنییان بەرێ تا وەخۆ کەون.

**چەکۆ:** ئەی بەچاوان!(بەپەلەدەچێتەناوحەوشە.)

**مەم :** زووبە چەکۆ! (لەهەڵ خۆ) دەک کاکە مەم! هەناسەت ببێتە قەفی گوریسی قەنارەت هەگە خەمی

خۆ بەشادیی تاژدین پێ شێل نەکەی...پێکەنە کە ئێستا، کاتی پێکەنین و هەڵپەڕینە.(بزە دەگرێ ولەخۆ دەنەوێ کەپێبکەنێ. تاژدین و چەکۆ لەحەسار دێنە دەر. تاژدین بە جل و بەرگی زاوایەتییەوە بە پەلە بۆلای مەم دێ و چەکۆیش لە لای چەپی شانۆوە دەچێتە دەر،ژنێ بە کاسەیێ نوقڵ ونەبات بەدەستەوە دەچێتە سەر دیواری حەوشە،تاژدینتوڵێکیباریکیرێکوپێکی بەدەستەوەیە.

**تاژدین:** ببورە کاکە مەم،چەکۆ گوتی لێرەی...ئێجگار شەرمەزاری تۆم .

**مەم :** تاژدین!ئاگات لەخۆتە؟! چ دەڵێی؟

**تاژدین:** مەمی دلۆڤان! هەرگیز بڕوام نەدەکرد کەهیچ چتێ بتووانێ ولەدەستی بێ تەنانەت بۆتاوێکیش بووە لە یادی تۆ غافڵم بکات ... نازانم چۆن...

**مەم :** تاژدین! ئەڤین لە هەموومەیەک بە هێزترە.پیاو سەرخۆش و مەست ئەکات .

**تاژدین:** راستئەکەیکاکە مەم .ئەستێ هەموو مێشکمی تەنیوە...بڕوانە(ژنەی سەر دیوار بە مەم نیشان ئەدات) ئەم توڵەیشیان داوە بە دەست منەوە کە بەمە سێ جارلە سەری ئەستێ بدەم .

**مەم :** دەی .

**تاژدین:** دەی!؟ من دڵم نایەت بڕوانمە ئەستێ ،نەکا تیژایی نیگام کوڵمی گەشی بڕوشێنێ!!ئێستا چلۆن دڵم دێ بەم توڵە (ئەیەوێ توڵەکە فڕێ بدات،مەم دەستی دەگرێ)

**مەم :** ناتاژدین! ئەمە داب و نەریتی باووباپیرانمانە... بامن و تۆیش پێمان خۆش نەبێ،بەڵام ئەرکی سەر شانمانە کە رێزی لێ بگرین...

**تاژدین:** یانی تۆ...

**مەم :** تاژدین!خۆنەیانگوتوە وەهای لێدەی کە ئازاری بگاتێ . بەس....

**تاژدین:** ئەزانم ! بەڵام ...

**مەم :** ئێ ....(دەنگی دەهۆڵ وزوڕنا نزیک ئەبێتەوە)

**تاژدین:** هەرچەند رەنگی مەیم نەدییوە،بەڵام ئێجگار مەستم... دڵم لەوانەیە لە سینگم بێتە دەر.

**مەم :** شەرابی خۆشەویستی لەهەموو شەرابێک توندترە .

**تاژدین:** لێم بە تاوان مەگرە ...

**مەم :** تاژدین ! ( دەنگی دەهۆل و زووڕنا نزیکتر ئەبێتەوە )

**تاژدین:** ببورە بەڵام ...

**مەم :** بەسە ! وەخۆکەوە وا هاتن .

**تاژدین:** بەچاوان .(بووک دەگاتە بەرەوە،بە پێی داب ونەریتی کوردەواری،مەم باڵی تاژدین دەگرێ و دەچن بەپێشوازی بووکەوە.تاژدین پاش ماوەیەکی کورت دوودڵ بوون ، تولەکەی دەستی سێ جار زۆر بە ئەسپایی ئەدا بە سەر ئەستێدا و ئەویش سەری بۆ دادەنەوێنێ . گۆرانی بێژ دەنگ هەڵدێنی و کۆڕی هەڵپەڕکێ یەک دەگرن وبەگەرمیی هەڵدەپەڕن . بووک بەرەوحەسار دەبەن وژنەی سەربانی درگا، کاسەی

نوقڵ ونەبات دەکا بەسەربووکا.بووک لەحەسارو‌ەژوور دەکەوێ،هەرکەدەگات، کچان لەحەسار لەبەردەمیا کۆڕی‌هەڵپەڕکێ‌دەگرن.هەڵپەڕینی کۆلانیش بەردەوامە. مەم وتاژدین دەورێ هەڵدەپەڕن وپاشان مەم باڵی تاژدین دەگرێ ودەیباتە ماڵەوە.کۆڕی هەڵپەڕکێیش بە دوایانا دەڕۆن . لەحەوشە تاژدین ە مەم باڵی ئەستێ دەگرن و هەڵپەڕین دەبێتە رەش بەڵەک . پەردە دەکێشرێ )

## پەردەی هەوەڵ

**شوێن :** ژووری مەم. دەرگای ژوور لای راستی شانۆوە و لە لای چەپ پەنجەرەی ژوور. بەرانبەری بینەران گەنجەیەکی گەورە لە تۆی دیوار. مەم و تاژدین لەسەر شانۆن. مەم پەشێو دانیشتووە، سەری ناوە بە دیوارەکەوە و ئەژنۆی خەمی لە باوەش گرتووە. تاژدین لای پەنجەرەکە راوەستاوە و دەڕوانێتە دوور. درێژە بە وت و وێژیان ئەدەن.

**تاژدین:** ئەمڕۆش نەهاتبووی بۆ راو...( بێدەنگی) تاکەی ئەتەوێ خۆ لەم ژوورەدا زیندان بکەی؟

**مەم :** نازانم!...

**تاژدین:** چتێکت دەست دەکەوێ؟!

**مەم :** بە تەمای هیچ نیم.

**تاژدین:** باشە، بەڵام خۆ نایشتەوێ لەم ژوورەدا بڕزێی!

**مەم :** دەڵێن ئێش و ئازاری مرۆڤ کاتێ گەییە رادەی هەرە سەرەکیی خۆی، بەرە بەرە سوکنایی پێ دێت. یانی یا دەبێ

بمری یا خوو بە ئازار بگری.( لەگەڵ خۆ) بەڵام نازانم من بۆ نە دەمرم و نە خوو بە ئازاری خۆ دەگرم...

**تاژدین:** مەم!

**مەم :** گیانەکەم!

**تاژدین:** سەیرە لام... زۆر سەیرە... تۆ بە تەواوی گۆڕیاوی... ئەو مەمەی نەماوی کە پێشتر دەمناسی.

**مەم :** کرمانج راست دەکا دەڵێ: سوار ئاگای لە پێ خاوس نییە!

**تاژدین:** ( بە دڵگیری) کاکە مەم!

**مەم :** دەزانی چ ئاگرێ بەر بووەتە جەستەم!؟

**تاژدین:** ( سەر رادەوەشێنێ)...مەم ئاگری دەتاوانەوە ،ئێستا چ رووی داوە کە وەها بێدەسەڵاتە؟

**مەم :** نازانم! نە رۆ ئارامەن، نە شەو خاومەن

چون چەم گل کەران، گلا راومەن.

**تاژدین:** بۆ؟!

**مەم :** لە نەحسیی چارەم!

**تاژدین:** نا... نا... هەرگیز وا مەڵێ: مرۆڤ پێ بەسی کردەوەی خۆیەتی.

**مەم :** ( سەری رادەوەشێنێ) هەزار دوکتور بە قەدەر دەردەداری تێ ناگات.

**تاژدین:** لەگەڵ ئەوەیشا بۆ نەهێشتنی ئازاری دەردەدار بە دڵ و گیان هەوڵ ئەدات .

**مەم :** خوای لێ رازی بێ (گرژ) بەڵام ئاخۆ کارێکی پێدەکرێ؟!

**تاژدین:** بەو مەرجەی کە دەردەدار خۆی بیەوێ بەڵێ.

**مەم :** بیەوێ؟! سەیرە... کامە دەردەدارە کە نەیەوێ؟!!

**تاژدین:** ئەو دەردەدارەی کە پارێز ناکات... بڕوای بە وتەی دوکتور نییە، چاک و خراپ تێکەڵ دەکات.

**مەم :** کەی بووە بڕوام پێ نەکردبێتی؟!

**تاژدین:** کەی؟! ئاخر کاکە مەم! لە کەنگێوە بەکرە جێی متمانە بووە!

**مەم :** چۆن؟

**تاژدین:** چۆن؟! مەگە بەکرە ناناسی؟!

**مەم :** با...

**تاژدین:** دەی چۆن متمانەی پێدەکەی؟! چۆن نهێنیی دڵی خۆتی بۆ باس دەکەی؟ رژدێکی نەگریسی وەک بەکرە...

**مەم :** ئەز...

**تاژدین:** بەداخەوە، هەڵەت بە هۆی نەزانینەوە نییە، هەڵەت لەوەدایە کە دەزانی و بڕوات بە خۆت و زانستی خۆت نییە. کردەوە و بیرت لە یەک دوورن. تۆ چاک دەزانی کە کاری بە جێ کەرەستەی بێ خەوشی دەوێ. هەڵەت لەوەدایە کە چاو دەقونجێنی . تۆ چاتر لە من دەزانی کە بەکرە شۆڤار بەناو بانگە ، چاوانەی درۆ و دەلەسەیە، کانگای فڕ و فێڵە...

**مەم :** بەڵام...

**تاژدین:** نا... تۆ دەتەوێ بە فڕ و فیشاڵ ببیتە هاوسەری زین؟!

**مەم :** ( دەنەڕێنێ) نا... هەرگیز...

**تاژدین:** ئەی بۆ؟!

**مەم :** تاژدین!

**تاژدین:** بەکرە بۆ سەرکەوتی خۆ، تەنانەت خۆیشی دەفرۆشێ چ بگات بە تۆ...

**مەم :** تاژدین!

**تاژدین:** متمانە کردن خراپ نییە، بەڵام ئەو کەسەی کەڵکەڵەی ئاشتی و ئاسایشی لە سەردایە دەبێ هەمیشە ئامادەی شەڕ و شۆڕ بێت.

**مەم :** بەسە! ( تاژدین بێدەنگ دەبێ، ماوەیەک بێدەنگی، مەم لەسەر خۆ) سەرانسەری ژیانم شەڕ و شۆڕ بووە و تۆ چاتر لە

گشت کەسێ دەزانی کە هەمیشە گیان لەسەر دەست و ئامادەی جەرگەی مەیدان بووم و هەم... بەڵام ...

**تاژدین:** بەڵآم چی؟!

**مەم :** خۆزیا هەموو شتێ وەک شەڕ کردن بووایەت!

**تاژدین:** مەبەست!؟

**مەم :** چی لە شەڕ کردن ساناتر؟!

**تاژدین:** چیش وەک شەڕ کردن دەگمەن!؟

**مەم :** جا خۆ...

**تاژدین:** شەڕکردن هەربە شیری رووت ناکرێت. بڕوانە مەم ! هەزار چەکۆش وەک تلی ئاو بەرد پەرداخ ناکەن...

**مەم :** باش تێدەگەم!

**تاژدین:** کە وەهایە دەست بدەرە شیری تاقەت و دێوە زمەی نائومێدی بتارێنە با لەوە زیاتر چۆک دانەداتە سەر دڵت.. (تاژدین دەڕوانێتە دەرەوە)

**مەم :** خۆزیا...

**تاژدین:** یایە زین هات بۆ لات .

**مەم :** ( دەشڵەژێ) چی؟! یایە زین؟! هات بۆ ئێرە؟ کوا؟ لە کوێیە!؟

**تاژدین:** لە سەر خۆ بە پیاو!

**مەم :** یایە زین!

**تاژدین:** بڕیاری دابوو بێت. بەڵام ئێجگار ئاگاداری خۆتان بن، نابێ کەس لەم ژووانە ئاگادار بێت. هۆشی خۆتان ببێت. من دەڕۆم و لە دەرەوە ئێشکتان دەگرم... ماڵ ئاوا( دەچێتە دەر)

**مەم :** لای تۆ خۆش!( دەکەوێتە خۆ، لە دەرکی ژوورەکە دەدەن) ئاوەڵایە ... فەرموون... فەرموون( یایە زین دێتە ژوورەوە، نەختێ خۆی پێچاوەتەوە)

**زین :** ( بە شەرمەوە) سڵاو...

**مەم :** س... سڵاو گیانی شیرینم!

**زین :** بە دزییەوە هاتووم!

**مەم :** هەر بە تەنێ؟!

**زین :** ئەرێ ... کاک تاژدین ئەستێی لە دووم ناردبوو.

**مەم :** بەخێر بی... سەر هەر دوو چاوم...

**زین :** بەبیانووی کار پێ بوونی ئەستێوە لە ماڵ هاتوومەتە دەر، دەبێ خێرا بگەڕێمەوە...

**مەم :** یانی تاوێ لای...

**زین :** نابێ ... ئەوڕۆ نەچبووی بۆ راو، کاکم پیاویشی لە دووت ناردبوو...

**مەم :** شەرمەزاری کاکتم... نەمتووانی...

**زین :** ڕەنگ بە ڕووتەوە نەماوە... چ بووە؟! ناساخی؟!

**مەم :** بەس بە دیتنت ئازار لە گیانما نەماوە.

**زین :** ئێجگار پەرۆشت بووم...( لە دووی دەسرەکەی ، بەر پشتوێنەلەی دەگەڕێ)

**مەم :** نەمێنم وا بوومە هۆی پەرۆشیت...

**زین :** نا. وا مەڵێ ( ڕەنگی تێکدەچێ) بلێی دامنەخستبێ...

**مەم :** چی؟! چیت داخستبێ؟!

**زین :** دەسرە، دەسرەکەم... دەسرەکەم داخستووە...

**مەم :** قەزاوەگێری بەژن و باڵات بێ.

**زین :** دەبێ بیدۆزمەوە( دەیەوێ بڕوات)

**مەم :** بۆ دەسرەیەک...

**زین :** دەبێ بیدۆزمەوە ( دەیەوێ بڕوات)

**مەم :** ڕاوەستە . مراخانییەکەمت بۆ دەکەمە دەسرە...

**زین :** نا... هەگە نەیدۆزمەوە...( دەرکە نیوە تاک دەکات. بە پەلە و شڵەژاو ئاوڕ ئەداتەوە) هاوار بە ماڵم ... ئابڕوو چوو خۆم...

**مەم :** چ بووە؟!

**زین :** کاکم بۆ دیتنی تۆ هاتووە... قوڕی کوێ بکەین بە سەرا؟!...

**مەم :** ( پەشۆکاو) نەتیدی؟!

**زین :** بڕوا ناکەم... نا... بەڵام هاوکاو بمانبینێ ... چبکەین...

با خۆ لەم پەنجەرەوە فڕێ دەم( بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات)

مەم: ( پێشی پێدەگرێ) نا... وەرە( دەرگای گەنجەکە دەکاتەوە)

بڕۆ ئێرە لەم ناوە خۆت وەشارە...

زین: باشە ( دەچێتە ناو گەنجەکە، مەم بە پەلە دەرگای گەنجەکە دادەخا و خۆی لەبەر گەنجەکە رادەکشێ)

زەینەدین: ( لە دەرەوەی ژوور) کاکە مەم!

مەم: ( بە دەنگی پیاوی نەخۆش) گیانەکەم!...

زەینەدین: هەر ماوی؟!

مەم: فەرموون! ( زەینە دین و بە دوایا بەکرە دێنە ژوورەوە)

زەینەدین: مەرحەبا کاکە مەم...

مەم: ( بە قەستیی لە خۆی دەنەوێ کە هەستێ) سڵاو میرم... گەورەت کردم...

زەینەدین: راکشێ، راکشێ، پشوو بدە( دادەنیشن)

مەم: میرم

زەینەدین: وەها دیارە کە پەتا پەکی خستبێتی...

مەم: گەورەم! دوور بێ لە رووتان.

بەکرە: غیرەت بنێ بەر خۆت پیاو! ئەوە چیە؟!

مەم: بڵێم وەڵڵا، کاک بەکر ... ( زەینەدین گاڵتە دەکات)

زەینەدین: باشە هەر کەسێ ناساخ بێ وەها بۆنی خۆشی لێ دێت؟!

بەکرە: ( بۆن دەکات) ئەم بۆن و بەرامەیە ئێجگار بە لووتم ئاشنایە...

مەم: بۆن و بەرامەی پێ و قەدەمی گەورەمە!

بەکرە: کاکە مەم دڵنیای کە جگە لە ئێمە کەسیتر لەم ژوورەدا نییە؟...

مەم: کاک بەکر گاڵتەم پێدەکەی...

بەکرە: خاوەنی ئەم بۆن و بەرامە گاڵتەمان پێدەکات...

( مەم بێدەنگە)

بەکرە: ئەم بۆنە وەک بۆنی سمڵ و مێخەک دەچێ...

زەینەدین: راست دەکەی بەکرە... بۆنی سمڵ و مێخەکە...

مەم: ( پەشۆکاو و نارەحەت) سمڵ و مێخەک؟!

بەکرە: بۆنی شۆخ ژنی تەڕپۆشی...

زەینەدین: ( گاڵتە دەکات) دەیانشێلای؟!

مەم: ( بزرکاو) گەورەم! ( بەکرە بە چاو ژوورەکە دەپشکنێ و سەیرت گەنجەکە دەکات

بەکرە: مەرج دەکەم هێشتا لەم ژوورەدایە...

مەم: کاک بەکر...( بەکر هەڵدەستێ بگەڕێ)

بەکرە: پێم خۆشە مەرجت لەگەڵ بکەم بەڵکو بیبەیتەوە...

مەم: ( دەپاڕێتەوە) گەورەم! کاک بەکر...

بەکرە: کردبێتمان!

( دەنگی هاوار و قرم و قاڵێکی زۆر لە دەرەوە دێ)

دەنگ: کوڕینە هاوارە، خزمینە فریا کەون...

زەینەدین: ئەو قڕم و قاڵە چییە؟! چ بووە؟! چ قەوماوە؟!

بەکرە: نازانم گەورەم( دەچێتە بەر پەنجەرەکە و بە پڕتاو) گەورەم ، ماڵی تاژدین لە ناو ئاگرا دەسووتێ... هەتا چاو هەتەر دەکا ئاگرە ... ئەشا گڕ بەرز دەبێتەوە...

زەینەدین: ( بە بیستنی ناوی تاژدین هەستاوە و بەرەو پەنجەرە دەڕوا) ماڵی تاژدین؟! بۆ راوەستاوی؟!

دەنگ: فریا کەون... هاوار... هەموو سووتان...

زەینەدین: خێرا کە با بڕۆین بە هاواریانەوە( بە پەلە دەچێتە دەرەوە و بەکرەیش لە دووی دەڕوات. مەم خێرا هەڵدەستێ، دەچێتە دەر پەنجرەکە، لە گەنجەکە دەدەن بەڵام مەم ئاگای لێ نییە، تاژدین دێتە ژوورەوە و مەم ئاگای لێ نییە)

تاژدین: ئەوە چییە کاکە مەم؟!

مەم: ( لە پڕ ئاوڕ دەداتەوە و ئێجگار پەرێشام) تاژدین! ماڵەکەت، بوون و نەبوونت...

تاژدین: ( بزە دەگرێ) بۆ تۆ قۆچی قوربانین...

مەم: تاژدین! ماڵەکەت... ئەو ئاگرە... ماڵەکەت گڕی گرتووە...

تاژدین: ماڵ دەبێتەوە... یایەزین رۆیی؟!

مەم: ( بیری زین دەکەوێتەوە و بە پەلە دەچێ بۆ لای گەنجەکە و بە شەرمەزارییەوە دەڵێ): ئاخ... یایەزین بمبورە... ( درگا کراوەتەوە و زین هاتووەتە دەرەوە و ئێجگار پەرێشانە)

زین: ئەستێ!! ئەستێ چی لێهاتووە؟... خوشکی شیرینم... ئەستێ گیان...

تاژدین: لەسەر خۆ بن... نایەوێ بپەشۆکێن... مە چاومان لە کاکت و بەکرەوە بوو... دیتمان بۆ ئەوەی کە نهێنیی تۆ و مەم ئاشکرا نەبێ ، چارمان ناچارە ئەبێ سەرنجی کاکت بۆ لای خۆ راکێشین... کە وا بوو من و ئەستێ و چەکۆ ئاگرمان بەردایە ماڵ...

زین: ئاخر...

مەم: تاژدین یانی...

تاژدین: یایە زین زووبە ، پێش لەوەی ئاگرەکە بکوژێتەوە دەبێ بگەیتەوە ماڵە خۆ...

زین: راست دەکەی کاک تاژدین( دەیەوێ بڕوات)

تاژدین: لەگەڵت دێم!

مەم: شەرمەزارم تاژدین ... من...

تاژدین: هیچ مەڵێ مەم... من برادەری تۆم... کەڵکی رۆژێکی وەها نەگرم بە کاری چ دێم؟!...

مەم: خۆش بی تاژدین... سپاست دەکەم... بەڵام

تاژدین: جارێ بە دۆعا...( تاژدین و زین دەڕۆنە دەرەوە و مەم بە تەنێ دەمێنێتەوە ، دەچێتە ناو فیکرەوە و نەرمە نەرم دێتە ناوە راست شانۆ و روو دەکاتە بینەران)

مەم: من چەند بەختەوەرم، نا؟! مرۆڤ هاوەڵێکی وەک تاژدینی هەبێ هەموو چتێکی هەیە... دەزانم ئێستا زۆرتان ، خۆزیاتان خاوەنی هاوەڵێکی وەها بوونە... بەڵکوو لە ناخی دڵتانا بەغێڵیشم پێ ببەن... بەڵام من هەرگیز خۆ بە بەختەوەر نازانم... بە پێچەوانە... پێم وایە بەختەوەرتر دەبووم هەگە هەر هیچ کەس هاوەڵم نەبووایەت، یا خۆ لە باتی تاژدین بەکرە هاوەڵم بووایەت... نا... نا... بە هەڵەدا مەچن ... نە هیچ کارێکم بە بەکرەیە و نە شێتیش بووم... بەڵام دەیندار بوون

خۆی ئازارێکی ئێجگار پڕ مەترسی و گیانکێشە... پێم خۆش بوو کەسێ وەک بەکرە هاوەڵم بووایەت تا هەرگیز لە ژێر قورسایی باری دەینا نەبم، دەزانن چیە؟!... رام لە سەر رای ئەو نەمرەیە کە گووتویەتی:

گوێم نا بە دڵی خاکەوە

باسی خۆشەویستی باران و خۆی بۆ کردم

گوێم نا بە دڵی ئاوەوە

باسی خۆشەویستی خۆی و سەرچاوەکانی بۆ کردم

گوێم نا بە دڵی دارەوە

باسی خۆشەویستی خۆی و گەڵاکانی بۆ کردم

کە گوێشم نا، بە دڵی خۆشەویستی خۆمەوە،

باسی سەربەستی بۆ کردم! ( تاوێکی کورت بێدەنگی)

جیا لەوەش، هەگە لە سوچێترەوە بڕوانینە ئەم ئازارە، دەبینین کە، چاکە و پیاوەتیش لە بوون دەوەشێتەوە... کاتێ نیمە، کاتێ ناتووانم کاڵکم بۆ کەس ببێ، کاتێ هیچ شک نابەم شیاوی قۆچی قوربان بوونی کەسی ببێ. کاتێ هەموو جومگەکانی لەشم بە زەبری هەژاری و بێدەسەڵاتی لێک پساون، چۆن دەتووانم بە ئازیزانم بسەلمێنم تا چ رادەیەک خۆشم دەوێن؟!

خۆ فریو مەدەن...

ئەوەی راستەقینە بێت، هەگە من ئەو کارەی ئەمڕۆی تاژدینم بۆ ئەو بکردایەت، بە هاواری کەس بەرز دەبووەوە و نە کاکی زین و بەکرەیش وازیان لە مەسەلە دێنا و دەهاتن بە هاوارمەوە و نە...

تەنانەت ئێوەی بەڕێزیش دەتانووت: مەم گوێزی نەماوە و گزی دەکات... یان بە واتەیەکیتر مەم بەم کارە، خۆی بە سەر تاژدینا ساخ دەکاتەوە...

تکاتان لێدەکەم لەگەڵ خۆ درۆ مەکەن!!...

2

دەلاقەیەکی بەرچاو کەوتوو لە لای راستی شانۆ.

شوێن: ژووری تایبەتی زەینەدین خان. رازاوە بە فەرش و پشتی و... شانۆ چۆڵە.( بۆرە خان ، عاقڵێکی شێت نوێن بە پلە لێدان و گۆرانی ووتن دێتە ژوورەوە.)

بۆرەخان: ( دەخوێنێ) لە ماڵی گەورەماڵان

لە ماڵی زەینەدین خان

لە سەر سفرەی بە تاڵان

دەبێ بمری لە برسان

زگت هەڵووشی بۆ نان

هەموو رۆژانی حەوتە

پێخۆر ئاوە و تەماتە

کاتێ وەرزی تەماتەیش کۆتایی پێهات، نەخۆشەر ئاوە و پیاز ئاو...

شەش ترنگە و مزرۆکە و چێشتی خا زەریف و جلْفڕ و تام ئاو...

هەمووی هەر ڕێزکەیێ پیاز و زەریایەک ئاو...

چ دەکەی؟! چێشتی کرمانج هەر دەبێ نانیشی تێ ووشی و بە نانیشەوە بیخۆی... بێتوو ورتەیشت لە دەم دەرێ، خاتوونی گەورە ماڵان دەستت لێدەنێتە کەلەکە، دەڕوانێتە سەر تا پات، خۆ با دەدات و خۆ را دەدات( دەست دەنێتە کەلەکەی و لاسایی خاتوون دەکاتەوە و دەڵێ): ئێ ئێ... تۆش فێرە قسە بووی... هەی دنیا قنگی نەمێنێ مێلورە قنگ هەڵتەکێنێ...

کەس نییە بڵێ ئاخر خاتوون من و مێلورە چمان وەک یەک دەچێ؟! هەر ئەوەن نۆکەرم ئیدی نابێ قسە بزانم؟!

( زەینەدین و بەکرە بە راوێژ کردن دێنە ژوورەوە)

زەینەدین: چییە بۆرە... بۆ نانت نەخوارد؟! ( بۆرە خان خۆی کز دەکات و هیچ ناڵێ)

زەینەدین: ( بە پێکەنینەوە) قاوتت لە زار کردووە یا خۆ مار زبانتی گەستووە؟!

بۆرەخان: گەورەم...

زەینەدین: شەڕی تۆ و خاتوون کەی کۆتایی دێ؟!

بۆرەخان: ( ئیشارە بێدەنگ بوون دەکات) س...س...ست... گەورەم خۆتان فەرمووتان پیاو نابێ نهێنی لای کەس و ناکەس بدرکێنێ!...

زەینەدین: چ نهێنییێ؟! ئەوسا کەس تۆ کەس و نەکەسی؟!

بۆرەخان: گەورەم جگە لە منی کەس، یەکێتریش راوەستاوە...

بەکرە: ئێ... یانی ئەز...

زەینەدین: ( روو لە بەکرە) زویر مەبە. بۆرە بە هەموو کەسا ئەخوێنێ...

بۆرەخان: گەورەم. دیسان هەڵەتان کرد.

بەکرە: (زۆر توڕە) گەورەم ئیزن بدەن...

زەینەدین: ( قاقا پێدەکەنێ) کۆتایی پێ بێنن. بۆرە ئەو شەترەنجەمان بۆ بێنە!

بۆرەخان: باشە بە چاوان( ئەڕوات و پێش ئەوەی لە چاو ون بێ ئاوڕ دەداتەوە) کەیفی خۆتانە ( ون دەبێ)

زەینەدین: ( بە پێکەنینەوە روو لە بەکرە) دانیشە، هەر ئەوەی ماوە قولاپەی خۆم بگرێ. ( بەکرە دادەنیشێ و لە فیکردایە)

زەینەدین: چییە؟! بیر لە چی دەکەیتەوە؟ گوێ بۆ قسەی بۆرە شل مەکە.

بەکرە: وەڵڵا گەورەم...

زەینەدین: هیچی لە دڵدا نییە.

بەکرە: هەڵبەت گەورەم، بەڵام...

زەینەدین: بەڵام چیە؟ زویر بووی؟!

بەکرە: نا گەورەم مەبەستم ئەمە نەبوو.

زەینەدین: ئێ...

بەکرە: گەورەم، بمبورن! بەڵام لام وایە گەورەم هەندێ زۆر خۆیان شل دەگرن.

زەینەدین: پێم گوتی زویر مەبە... بۆرە...

بەکرە: نا گەورەم زویر نیم، بەڵام ئەو خەڵکە چاک دەناسم.

زەینەدین: مەبەست؟!

بەکرە: گەورەم:! ئەو خەڵکە زوو بایی هەوا دەبن. زوو خۆیان لێ دەگۆڕدرێ.

زەینەدین: وانییە... بۆرە...

بەکرە: گەورەم! بمبورن مەبەستم بۆرە نییە. هەڵبەت خۆ چاک دەزانن کە گشت کەس بۆرە نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا ئیزن ئەدەن کە هەموو کەس وەک بۆرە هەرچییە پێی خۆشە بیلێ.

زەینەدین: کەسێ چتێکی گووتوە؟!

بەکرە: گەورەم نازانم چۆنی بدرکێنم!

زەینەدین: چ بووە؟! ئەتەوێ چی بڵێی زوو بڵێ و کۆتایی پێ بێنە.

بەکرە: گەورەم بمبورن. چارم ناچارە و ئەبێ بڵێم، من نمەک پەروەردەی ئەم بنەماڵەم...

زەینەدین: دڵم هاتە سەر. بڵێ بزانم ئەتەوێ بڵێی چی؟!

بەکرە: میرم سەبارەت بە خاتوونە زین...

زەینەدین: ( لە پڕ) زین؟! کێ چی ووتووە؟!

بەکرە: هیچ گەورەم. هیچ ... ئەبێ رای ئێوەی لەسەر بێ.

زەینەدین: تێناگەم. رام لەسەر چی بێ؟!

بەکرە: دڵنیام پرس و را بە گەورەم کراوە.

زەینەدین: سەبارەت بە چی؟!

بەکرە: یانی بڵێی تاژدینیش وەک ئەو خەڵکە بایی‌هەوا بووبێ و بە بێ رای گەورەم بڕیاری دابێ؟!

زەینەدین: چ بڕیارێ؟!

بەکرە: گەورەم وەک بیستوومە تاژدین بڕیاری داوە یایەزین بۆ کاکە مەم مارە بکات!

زەیندەن: ( زۆر توڕە) چی؟!

بەکرە: شەرمەزارم گەورەم. بەڵام شەوچەرەی خەڵکی جەزیرێ باسی دڵداری مەم و زینە...
زەینەدین: دەی دەی...
بەکرە: گەورەم ئەزانم کەس نەیوێراوە لای میرم باس بکات ئەگینا باسی دڵداری ئەو جووتە جاجکەی زاری گەورە و بچووکە...
زەینەدین: ئیتر چی؟!
بەکرە: هەڵبەت مەم کوڕێکی خراپ نییە. دلێر و ئازا و بە دەست و بردە، شۆڕە سوارێکی بێوێنەیە. تەنیا پلەی کۆمەڵایەتیەکەی نزمە و ئەمەش رەنگە زۆر گرینگ نەبێ، بە تایبەت کە...
زەینەدین: بە تایبەت چی؟!
بەکرە: بەتایبەت کە ئەوسا دەبێتە زاوای گەورەم و ...
زەیندەین: ( سەر رادەوەشێنێ و سمێڵی خۆی دەجوێ)
بەکرە: ( بە رواڵەت لە گەڵ خۆ) هەرچەن باو باپیرانی مە گووتویانە کاری بچووک بە پیاوی مەزن و کاری مەزن بە پیاوی بچووک مەسپێرن و ... ( بێدەنگ ئەبێ)
زەینەدین: ( پاش ماوەیەکی کورت بێدەنگی) تۆ دڵنیای؟!
بەکرە: گەورەم...

زەینەدین: ئەبێ ئەمەم پێ بسەلمێنی...

بەکرە: میرم...

زەینەدین: دووپاتی ناکەمەوە... هەرچی زووتر چاتر...

بەکرە: گەورەم( بۆرەخان بە شەترەنجەکەوە دێتە ژوورەوە)

بۆرەخان: گەورەم فەرموون( دەیباتە ناوەراستیان و داشەکان دەچنێ و هەڵدەستێ) گەورەم ئامادەیە.

زەینەدین: چاکە، برۆ...( بۆرەخان کرنۆش دەبا و ئەڕواتە دەرەوە)

بەکرە: ( پیادەیێک دەباتە پێشەوە و دەڵێ) گەورەم خۆتانی بۆ پەرۆش مەکەن، مەم کوڕێکی پاک و بێ خەوشە، جیا لەوەش من خاتوونە زین ئەناسم ئەوەن پاک و بێ گەردە کە هیچ قسەیەکی پێوە نالکێ، هەرچەن...

زەینەدین: هەرچەن چی؟

بەکرە: گەورەم بمبورن بەڵام پێشینیان گووتویانە ژن عەقڵ ناتەواوە و زوو فریو ئەخوات.

زەینەدین: دەرماریان دەردێنم. ( ماوەیەکی کورت بێدەنگی و پاشان بەکرە بە مەکرەوە لە گەڵ خۆ)

بەکرە: بڕوا ناکەم. یانی بڵێی قسەی خەڵک ڕاست بێ و تاژدین تا ئەو ڕادەیە بایی‌هەوا بووبێ کە پلەی خۆ فەرامۆش بکا و بڕیاری وەها بدات؟!

زەینەدین: بێتوو ڕاست بێ...

بەکرە: گەورەم... ڕاستە کە مەم ئێجگار زانا و نەترس و بێ باکە، بەڵام هەر کەسێ بە لەونێ فریو ئەخوات.

زەینەدین: مەبەست؟!

بەکرە: دەکرێ هەموو چتێ لە زبانی خۆی ببیسین.

زەینەدین: چۆن؟

بەکرە: میرم لە مێژووی کرمانجدا سەترەنج گەلێ جار دەورێکی گرینگی بینیوە، بۆ ئەم ڕایش نەیبینێ.

زەینەدین: بۆم شی کەرەوە.

بەکرە: گەورەم! ڕام وایە( سەردەباتە پەنا گوێی زەینەدین و چپەی بۆ ئەکات. زەینەدینیش بە سەر وتەکانی دەسەلمێنێ و یەک دوو جار دەڵێ: ئێ... زۆر چاکە... وایە...)

B

( شانۆ ڕوون دەبێتەوە، مەم و تاژدین لە لای ڕاستی شانۆ، چەکۆ و عرفۆ ڕوو لە بینەران، زەینەدین و بەکرەش لای چەپی شانۆ بەرانبەر بە یەکتر دانیشتوون و خەریکی

شەترەنجن. زین لە دەلاقەی راستی شانۆوە بە دزیەتی سەیریان ئەکات. زەینەدین دەیبینێ بەڵام خۆ گێل ئەکات)

زەینەدین: بەکرە! وێ دەچێ ئەم رایش دۆڕاندبێتمان ( داشێک ئاڵ و گۆڕ ئەکات)

بەکرە: میرم! من گەلێ جار ووتوومە: مەم و تاژدین ببن بە یەک دەگمەنە کەسێ زەفەریان پێ ببات.

زەینەدین: یانی ئەبێ مە هەر بدۆڕێنین؟!

بەکرە: گەورەم! شەو بەری درێژە.

زەینەدین: وایە.

تاژدین: هەگە گەورەم ئیزن فەرموون ئەز سەیر ئەکەم و کاکە مەم بە تەنێ خۆ یاری ئەکات.

زەینەدین: ( بزە دەگرێ) کاکە مەم بە تەنیایش جێی مەترسیە.

مەم: هەڵبەت نە بۆ گەورەم.

زەینەدین: بڕوا بکەم؟!

بەکرە: بە رای من مەم دەستی خۆی خستووەتە پێش و باش ئاگاداری گشت لایەنێکە لەگەڵ ئەوەیشا لام وایە میرم بە وردی لە نەخشەی کاکە مەم تێگەیشتبێ.

زەینەدین: ئەڵێن شەترەنج وەک مەیانی شەڕ وایە...

مەم: هەڵبەت نە هەموو شەڕێ...

زەینەدین: چ تەوفیرێ ئەکا؟ مەگە لە هەموو شەڕێکدا سەرکەوتنی لایەنێک بە مانای تێشکانی لایەنەکەیتر نییە؟!

تاژدین: هەڵبەت گەورەم باش ئاگادارن کە لە هەموو شەڕێکدا ئەمە رواڵەتی کارەساتەکەیە. ئەگینا لە راستیەقینەدا لە زۆربەی شەڕەکاندا هەر دوو لایەنەکە تێدەشکێن و لایەنی سێهەمە کە کەڵک لە تێشکانی ئەوان وەر دەگرێ.

بەکرە: هەگە لایەنێک لە پیلانەکەی لایەنەکەیتر و لایەنی سێهەم ئاگادار بێ چی؟ ئەوسایش هەر لایەنی سێهەم ئەتوانێ کەڵک وەرگرێ؟!

مەم: یانی لایەنێک و لایەنی سێهەم دەستیان تێکەڵ کردبێ؟!

زەینەدین: گریمان وابێ( لە ژێر چاوەوە دەڕوانێتە تاژدین)

مەم: گەورەم! ئەوەی کە نەتوانێ تەنیا بە دیتنی بەرز و نزم بوونەوەی تایەکانی شایەن دامرکێ و بیەوێ یەکێ لە تایەکان قوورەستر بێ، ناتوانێ لایەنی سێهەم بێ. لایەنی سێهەم بۆی گرینگ نییە کام لایەن سەردەکەوێ.

زەینەدین: رەنگە وابێ ( دەڕوانێتە بەکرە، بەکرە رەنگی دەبزرکێ)

بەکرە: پێم وایە ئەم...

مەم: کیش.

زەینەدین: باش سەرتان قاڵ کردین...

مەم: گەورەم ئاگاداری وەزیرەکەشتان بن.

زەینەدین: ئێ... وا دیارە گەمارۆت داوم.

بەکرە: گەورەم. ئامان پەلە مەکە. نەهێڵی وەزیرەکەت لە کیس چێ.

تاژدین: مەسەلەی سەرەکی رزگار بوونی شایە...

بەکرە: وەزیریش زۆر گرینگە.

مەم: وەزیرێ کە هیچی لە دەست نەیەت بەڵام بوونی ببێتە هۆی مەترسی بۆ گیانی شا، بوون و نەبوونی چ تەوفیر دەکات؟!

بەکرە: بەڵام شای بێ وەزیر تەنیا ناوی شایە.

تاژدین: کاک بەکر ئەڵێی هەرگیز شەترەنجت نەکردووە، هەر سەربازێکی بە دەست و برد دەتووانێ ببێ بە وەزیر بەڵام شا چی؟!

زەینەدین: وا دیارە زیاتر لە من ئێوە لە دڵە کووتێ دان!

مەم: کایەی شەترەنج هەموو بینەرێک بۆ بەشدار بوون رادەکێشێ...

زەینەدین: ( داشێک ئاڵ و گۆڕ ئەکات) ئێمە ئاوا ئەکەین با نە وەزیرەکەمان تیا چێ و نەکیشی شایش جێگە گرێ.

مەم: ( داشێک ئاڵ و گۆڕ دەکات) زۆر باشە( زەینەدین داشێک ئاڵ و گۆڕ ئەکات و دیسانەوە مەم و ...)... کیش و... بەڵێ... کیش و مات.

زەینەدین: ئێ... وایە... بەکرە ئەمیشمان دۆڕاند.

بەکرە: میرم بە رای من دەکەن جێ بگۆڕنەوە.

تاژدین: ( سەری سوور دەمێنێ) جێ بگۆڕنەوە؟!

بەکرە: بەڵێ، ئەو شوێنەی کاکە مەم لێی دانیشتووە شانس دێنێ.

مەم: کاک بەکرە گاڵتە دەکەی؟

بەکرە: نا هیچ گاڵتە ناکەم. ئەو شوێنەی تۆ شانس دێنێ، بڕوا ناکەن جێ بگۆڕنەوە.

مەم: بۆ من تەوفیر ناکات. هەرچۆن گەورەم فەرمێ لە خزمەت دام.

زەینەدین: هەرچەن زۆر بڕوام بە شانس نییە، بەڵام قەید ناکات. تاقی دەکەینەوە.

مەم: گەورەم فەرموو( هەڵدەستێ، زەینەدین هەڵدەستێ و هەموو لەبەری هەڵدەستن. زەینەدین دەچێتە جێگاکەی مەم و بە پێچەوانە)

بەکرە: گەورەم دوو را دۆڕاندمانە. ( شەترەنجەکە رێک دەکاتەوە و کایە دەکەن)

تاژدین: مەم! ئەوە چت کرد...

مەم: بۆ؟!

تاژدین: هەڵەت کرد.

زەینەدین: شەترەنج هەڵەیشی تێدایە...( زین سەیریان دەکات. مەم چاوی بە زین کەوتووە و هۆشی نەماوە، پاش یەک دوو ئاڵ و گۆڕی داشەکان ... کیش و مات...

تاژدین: چی؟!

مەم: وایە گەورەم.

بەکرە: گەورەم دێت؟!

زەینەدین: راوەستە، جارێ رایەکەمان سڕیوەتەوە( دیسان یاری دەکەن و ...)

تاژدین: مەم!

زەینەدین: کایەیە...

مەم: فەرموو...

تاژدین: ( بە زینی زانیووە و خۆ دەخواتەوە) مەم ئاگادار بە... ( مەم داشێک ئاڵ و گۆڕ دەکات) ئاخ... ئەوە چت کرد...

زەینەدین: بڕوا ناکەم. هەر وا سووک و سانا ... ئا ئەمەیش کیش و ... بەڵێ ئەمجارەش مات... کیش و ماتی.

مەم: ( بۆ ماوەیەک ئاگای دێتەوە بە خۆدا) وایە گەورەم. ئێستا هیچمان لە هیچ...

زەینەدین: کە واتا... لەمەو دوا بزانین ( کایە دەکەن و ئێجگار زوو)

بەکرە: ئەم رایش کیش و مات...

زەینەدین: دیسان یاری بکەین؟! ( مەم هۆشی لای زینە)

تاژدین: نا...

مەم: جا چ لەوە خۆشتر... یاری بکەین...

زەینەدین: چاکە...

تاژدین: کاکە مەم!

مەم: گیانەکەم.

تاژدین: شەو درەنگە...

مەم: شەو؟! ( بەکرە و زەینەدین دەڕواننە یەک، مەم ئاگای لێ نییە. تاژدین و چەکۆ و عرفۆ تێدەگەن و بەیەکا دەڕوانن)

زەینەدین: ( داشێک ئاڵ و گۆڕ ئەکات) وا وەزیرەکەت چوو...

مەم: سەرتان سڵامەت...

بەکرە: ( بە تەشەرەوە) گرینگ نییە، کاکە مەم پیادەی چالاکی زۆرە دەیانکاتە وەزیر.

مەم: ئەوەی مەشقی عەشقی لە مەیدانی ژینا کردبێ وەزیر بوونی بە پووشێ ناوێ.

تاژدین: کاکە مەم!...

بەکرە: کاکە مەم شاعێریشە.

زەینەدین: کیش و ... بەڵێ رێگەت نەماوە... کیش و مات ... ( زین لا دەچێ)

مەم: بەسە... تووانم لێ بڕا.

بەکرە: وەها زوو کۆڵت دا؟!

مەم: کۆڵەم کوترا...

تاژدین: کاکە مەم شەو ئێجگار درەنگە...

زەینەدین: بۆ وا بە پەلەی؟!

تاژدین: گەورەم کات درەنگە و شەو...

بەکرە: شەو... ئەڵێن قەڵای مێردانە شەو...

تاژدین: کاک بەکرە رجا دەکەم!

مەم: تاژدین زووە.

تاژدین: کاکە مەم!

بەکرە: کاک تاژدین پەلە مەکە. میرم بردوویەتەوە.

زەینەدین: وایە

بەکرە: بڕیار وابوو...

تاژدین: هەرچیە دڵخوازی میرم بێ بە زووترین کات پێشکەش دەکرێ. گەورەم! سەرم لە رێتانایە.

بەکرە: جا بزانین دڵخوازی میرم چییە.

مەم: گەورەم ئەمر فەرموو.

بەکرە: هەڵبەت گەورەم چۆنیەتی ژینی مەمی لەبەر چاوە.

( مەم رادەچڵەکێ و ئاگای دێتەوە بە خۆیا)

تاژدین: هەرچیە دڵخوازی میرم بێ...

بەکرە: گرینگ ئەوەیە بە شانی کاکە مەم قورس نەبێ.

مەم: سەرم لە رێی میرم دایە. راستە کە دەست کورت و هەژارم...

تاژدین: ئەی من چیم؟!

زەینەدین: گوێ گرن.

تاژدین و مەم: (پێکەوە) گەورەم ئەمر فەرمون

زەینەدین: دڵخوازی مە ئەمەیە کە کاکە مەم نهێنی دڵی خۆیمان لا بدرکێنێ.

مەم: ( دەپەشۆکێ) نهێنی دڵی من...

تاژدین: گەورەم...

زەینەدین: بەجێهێنانی خوازتمان نابێ زۆر دەگمەن بێ.

مەم: شایەنی باس نییە گەورەم

زەینەدین: بە پێچەوانەوە... لای مە گرینگە...

مەم: گەورەم...

تاژدین: میرم ئەبێ نهێنی دڵی سوارکارێکی چست و چالاک چی بێ.

زەینەدین: خۆی چاکتر ئەزانێ.

تاژدین: گەورەم...

زەینەدین: ووتمان پێمان خۆشە خۆی باسی نهێنی دڵیمان بۆ بکات.

تاژدین: من نهێنیەکی پێوە شک نابەم.

زەینەدین: رەنگە وا نەبێ، خۆ تۆ لە دڵی ئەوا نیت.

مەم: گەورەم...

زەینەدین: دڵنیا بە لای کەس باسی ناکەین.

تاژدین: میرم...

زەینەدین: تاژدین ئەمانەوێ دەستی بنێینە ناودەستی.

بەکرە: میرم رەنگە ئەو دارە رەقە بەژن و باڵا هەڵقوچاوەی چاو زاق و دەم زلەی خێچ و خوارە دەستی گۆج بێ.

زەینەدین: ( بە گاڵتەوە) بڵێی؟!

مەم: گەورەم تکاتان لێدەکەم...

بەکرە: کاکە مەم بۆ تێناگەی میرم ئەیانەوێ هەم بڕیاری یاری هاتبێتە جێ و هەم داواخوازەکەشیان بە شانی تۆ قورس نەبێ. میرم ئاگاداری هەژاری و لێقەوماوی تۆ...

تاژدین: نا. سەر و ماڵی من هینی کاکە مەمە. میرم! دڵخوازتان فەرموون...

زەینەدین: پاشگەز نابیتەوە؟!

تاژدین: هەرگیز...

زەینەدین: یانی سەر و سامان و خان و مانت لەلا گرینگ نییە؟!

تاژدین: گەورەم، ئەستێی لێ دەرچێ هەموو چتێکم تەنانەت سەریشم هینی کاکە مەمە.

زەینەدین: ئافەرین... کە واتە دڵخوازی من...

مەم: نا گەورەم نا

تاژدین: کاکە مەم!!

مەم: نا تاژدین نا ئەزانم کە ئەبێ ماڵ ئاوایی لەسەر بکەم جا نهێنی دڵ بدرکێنم بەڵام...

تاژدین: بەڵام چی؟!

مەم: ئەمەم لە لا خۆشترە.

تاژدین: ئاگات له خۆته؟!

مەم: تاژدین ئاگام له خۆمه و ئێجگار سپاست ئەکەم. بەڵام داواخوازم میرم داخوازی خۆ نەگۆڕێ.

زەینەدین: که واته ئەتەوێ باسی نهێنی دڵت بکەی.

مەم: به یارمەتیتان...

زەینەدین: بڵێ بزانین.

مەم: تاژدین بمبوره، سەد مخابن هەرگیز نەمتووانی به قەرای سەره دەرزییەک وەڵامی چاکەت بدەمەوه... بەداخەوه( هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و لەگەڵ خۆ ئەڵێ) ئاخ. چەن خۆشه مرۆڤ له ژێر قورسایی باری دەینی کەسا نەبێ... ( روو له زەینەدین) گەورەم. ئەوەن ئەتووانم بڵێم ئەز گیرۆدەی بەژن و باڵا رێکێکی به لار و لەنجەم که کۆی جووانی له هەتاو بردەتەوه.

بەکره: جووانی هیچ نییه. خوو خەدەی... رەوشت و رەفتاری... کەس و کاری...

مەم: له گشت ئەم ناوچەدا هیچ کەس به پێی ناگاتەوه...

بەکره: وا نییه...

مەم: وا نییه؟!

بەکره: نا وا نییه. ئەم ناوچەیه جووانی ئێجگار تێدایه.

تاژدین: کاکە مەم!

زەینەدین: ئەم حۆریە بێ ناوە ئەبێ کێ بێ؟!

بەکرە: گەورەم. مەم لاوە، تازە پێگەییشتووە. لەم تەمەنەدا پشیلەیشی هەر بەو مەرجەی مێ بێ لا جووانە.

مەم: کاک بەکرە دەمت ئاو کێشە ... یایەزین سەرتر لەوەیە کە تۆ...

بەکرە: یایە زین؟!

تاژدین: کاکە مەم!

مەم: چبکەم؟!

بەکرە: گەورەم نەمووت.

زەینەدین: کوڕینە...

مەم: ( شیر هەڵدەکێشێ) ناوادەیە، بەڵام...

تاژدین: چ دەکەی مەم؟! ( هەندێ کەس دێنە ژوورەوە و تەمایەری فرمانی زەینەدین ئەکەن)

مەم: چبکەم؟! بێ ویستی من شیر بووەتە بواری ژین و مردن

ئەمڕۆ یا سبەی ، زوو بێ و دێر بێ

ئەوەی ناوی یایە زین بەرێ

ئەبێ ئەم شوێن پێ هەڵگرێ.

تاژدین: نا.

مەم: با

زەینەدین: بۆ راوەستاون. زووبن بیگرن.

پیاوەکان: بە چاوان ( دێن هەڵمەت بەرن. تاژدین شیر هەڵدەکێشێ و پێشیان پێدەگرێ)

تاژدین: هەر کەس دەستی بۆ بەرێ، بە شیرم دوو کەرت ئەکرێ( روو لە زەینەدین) گەورەم خۆ چاک ئەزانن کە مە چوار کەس تووانی شکاندنی چوار سپامان هەیە.

بەکرە: ووتەم هاتە دی.

زەینەدین: یاخی بوون؟!

تاژدین: نا.

زەینەدین: ئەی هەگە ئەمە یاخی بوون نییە چییە؟!

تاژدین: بڵێ کەس دەس بۆ مەم نەبا، با خوێن نەکرێ.

مەم: تاژدین نا، تۆ خۆت تووش مەکە.

زەینەدین: تاژدین!

تاژدین: گەورەم! با دوژمنمان پێ شاد نەبێ.

مەم: گرینگتر لە دوژمن خۆمانین.

تاژدین: کاکە مەم! شیرەکەت دانێ.

مەم: نا تاژدین...

زەینەدین: کوڕینە...

تاژدین: نا گەورەم. من خۆم دەستی مەم دەبەستم.

مەم: نا تاژدین، مەیە پێش.

تاژدین: کاکە مەم! من هەرگیز خراپی تۆم نەویستووە.

مەم: بەڵام...

تاژدین: هیچ مەڵێ، با دەستت ببەستم.

مەم: دیسانەوە چلەکێشی و مردن لە زیندانا... نا تاژدین ناڕەوایە.

تاژدین: ویستی کات وایە.

مەم: یانی...

تاژدین: با خوێن نەکرێ، با کۆرپەی ساوا بێ باوک نەکرێ. با بێ تاوان لە دار نەدرێ.

مەم: تاوان... بێ تاوان... کێ تاوانبارە؟ کێ بێ تاوانە...

تاژدین: دیاردە کردنیان گرانە... بێ تاوانیش تاوانبارە...

مەم: کە واتە...

تاژدین: بە یارمەتیت ، با دەستت بەستم.( بەرەولای مەم بە ئەسپایی هەنگاو هەڵدەگرێ)

مەم: رێی نەهاتە...

تاژدین: کێ ئاگاداری سبەینێیە؟!

مەم: سبەینێ و هەزاران سبەیتر...( دەستی ئەنێتە سەر یەک و بەرەو تاژدینی ئەگرێ) هانێ دەستم...( تاژدین دەستی دەبەستێ)

تاژدین: کاکە مەم...

مەم: گیانەکەم...

زەینەدین: کوڕینە بیبەن.

تاژدین: گەورەم!

مەم: تاژدین واز بێنە... ئەنجام دیاردە کراوە...( مەم ئەدەنە بەر، پێش لەوەی لە شانۆ بچێتە دەر، روو لە جەماوەر ئەکات) ویستم لە چوارچێوەکەی خانی نەمر بێمە دەر... بەڵام هەگە خوێن نەکرێ چۆن مەمێ زینی پێ ئەدرێ؟!

کۆتایی 71/3/24

Filename: شانۆگه.doc
Directory: F:\Documents and Settings\xalid\My Documents
Template: F:\Documents and Settings\xalid\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dotm
Title:
Subject:
Author: Kid
Keywords:
Comments:
Creation Date: 7/20/2008 12:49:00 PM
Change Number: 15
Last Saved On: 7/30/2009 2:33:00 PM
Last Saved By: dilax
Total Editing Time: 313 Minutes
Last Printed On: 3/21/2007 11:56:00 PM
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 46
Number of Words: 5,524 (approx.)
Number of Characters: 31,489 (approx.)